Kurdistan.net کوردستان نێت

# ئەو دەرگایە عومرێکە ناکرێتەوە...

## ( چیرۆك )

هێمن مەحمود

ئەوشەوە دنیا بۆنی ئەوی لێ دەهات ...

سالآنێکی درێژ من چاوەڕوانی هاتنی ئەو بووم..ڕۆژگارێکی ناکۆتا ساتەکانی عومری خۆمم بۆ دەژمارد .. شەوگارێکی نەبڕاوە بەدیار کردنەوەی دەرگاکەوە دادەنیشتم و دەموت هاکا دەردەکەوێت .. هاکا خۆی دەکات بەژوراو تێردەمگرێتە باوەش ..لە دەرگاکە نادات ... گڵۆپەکانیش هەڵناکات .. پەردەکەش داناداتەوە .. هیچ شەرمێکیش ناکات و هەربەرێگاوە جلەکانی بەری دادەکەنێ .. لەو تاریکییە قوڵەدا دەمدۆزێتەوە .. دەست دەخاتە ناو قژمەوەوە .....

پانزە ساڵی ڕێکە من چاوەڕوانی هاتنی ئەو دەکەم , پانزەساڵ بەهەموو کاتژمێرەکانییەوە , پانزەساڵ بەهەمو و ڕۆژ و شەو و نیوەڕۆ و ئێوارە و بەیانی و زستان و پایز و هاوین و بەهارێکییەوە ...

کە ڕۆشت لەبەردەمی دەرگای حەوشەکە دا وتی دێمەوە .. بەڵێنی دا پێم .. تەنانەت ماچێکیشی کردم و وتی چاوەڕوانمبە .. چاوەڕوانم کرد و ئەو لە هیچ لایەکەوە دیارنەبوو .. ئەو لە هیچ لایەکەوە دیاریش نییە ....

دڵم خەبەری داببوو کە نایەتەوە .. شەرمم دەکرد یان خۆشم دەویست .. پێم نەوت.. دەترسام یان دڵنیانەبوم .. شەوەکەی تا بەیانی نەیهێشت بخەوم .. دەیوت تا ماوەیەکی دیکە ناتبینمەوە دەبێت ئەمشەو دڵی من ڕازی بکەی ئاخر دوایی بیرت دەکەم ...چەند جارێك ئەو شەوە گرتمییە باوەش و تێرنەدەبوو ..من ماندووبوبوم کەچی ئەو ماندوبونی نەدەزانی ..

لە پەنجەرەکەوە سەیرێکی شەوی دەکرد و دەیوت هێشتا زۆری ماوە ڕۆژ بێتەوە , ئەو هەرگیز پەردەی پەنجەرەکەشی دانەدەخست , دەیوت خەڵکی لەبەر کێشەکانی خۆیان کێ دەیپەرژێتە سەرئەوەی بزانێت ئێمە چی دەکەین .. دەهاتەوە بۆ لام و جارێکی دیکەش دەیگرتمە باوەش ..

کە سەیری چاویم دەکرد دەمزانی شتێکی لەدڵ دایە و دەیشارێتەوە , بەلآم من لەخۆشیدا هەموو شتێکم بیردەچوییەوە ..ڕێك پانزە ساڵ بەر لەئێستا ناسیم , وەك ئەوەی لەئاسمانەوە کەوتبێتە خوارەوە یان لەشوێنێکی زۆر دورەوە هاتبێت پەیدابوبو..من کچی ماڵەوە بوم .. دایکێکی پیرم هەبوو بەدەست نەخۆشییەوە دەیناڵآند و لە جێگەدا کەوتبوو , ژیانی ئێمە لەسەر نانکردن بۆ دراوسێکان وەستابوو , ڕۆژ تا ئێوارە من خەریکی نانکردن بووم , نانی ئەم ماڵەکەم تەواو دەکرد نانی ئەو ماڵیان بۆ دەهێنام , بەوحاڵەشەوە دایکیشم بەخێو دەکرد , وەنەبێت کچێکی ناشیرنیش بوبێتم بۆیە شوم نەکردبێت , بەلآم چونکە هەژاری گەڕەکەکە بوین ئیدی کەس نەهاتە خوازبێنیم ..

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەرەتای پایزی ئەو ساڵەبوو .. چەند گەنجێکی قوتابی هاتنە گەڕەکەکەمان , خانویەکیان بەکرێ گرتبوو , سەرەتا کە هاتن من نەمدەناسین , تا ئەوبەیانییەی کە لەدەرگای حەوشەکەیان داین ..

یەکێکیان بوو پرسی ئێوە نان دەکەن .. من کە هێشتا دەستم لەناو هەویری دراوسێیەکمان دا بوو ڕۆشتم بەرەو ڕوی .. ترپە ترپێکی سەیر دڵمی داگرت .. بێ ئەوەی ئاگام لە خۆم بێ وتم بەڵێ .. بێ ئەوەی پێی بڵێم هاتە ژورەوە ... چاوێکی بە چواردەوری خۆیدا گێڕا .. وەك ئەوەی شتێکی لێ ونبوبێ .. ماکسیەکی زەردم لەبەردابوو , هەندێك تەسك بوو هەرئەمەش سەرنجی ڕاکێشا , پرسی دەتوانن نانمان بۆ بکەن , خودایە چاوەکانی چییان لێ کردم .. وەك ئەوەی ماوەیەکی زۆربێت ئاشنای بوبم .. حەزم دەکرد هەر پرسیار بکات .. پرسیاری زۆر ...

ڕۆژانی دواتر بۆ هیچ شتێك نەدەهات , یان هەر لەخۆیەوە داوای شتی وەهای دەکرد

کە پێویستی پێی نەبوو وەك ( ئەوەی دەتوانن بەتانییەکمان بدەنێ, قاپێکی گەورەی چێشت لێنان , شخارتەیەکی زیادە .. )

نیوەڕۆیەك کە خەڵکی هەموو لەماڵەوە خەریکی نانخواردن بون , لەدەرگای دا , بێ ئەوەی بڕۆم بیکەمەوە وەك کەسێکی شارەزا خۆی کردییەوە و هاتە ژورەوە , من لەژورەوە خەریك بوم نانم دەدا بەدایکم , بانگی کردمە دەرەوە , یەکڕاست ڕۆشت بۆ ئەو مەتبەخەی کە من هەموو جار نانم تیادا دەکرد بۆ خەڵکی , من نەمدەزانی بۆ ڕۆشت بۆ ئەوێ , حەزیشم نەدەکرد بزانم , بێ ئاگا منیش ڕۆشتم , لەبەر دەرگای مەتبەخەکە هەردوو دەستی گرتم و بردمیە پشت دەرگاکە , بێ هیچ قسەیەك کە حەزیشم لێ نەبوو قسە بکات دەمی هێناو ماچی کردم ..

هەمو جار دەیوت کە خوێندنم تەواوکرد دەتهێنم .. نەمدەزانی کەی خوێندن تەواو دەکات بەڵام کە دەموت کەی .. دەیوت هەرتەواوی دەکەم .. کە تۆم هێنا ئیدی ناهێڵم نان بۆ خەڵکی بکەیت , جلی ماڵان بشۆیت, لەم گەڕەکە گەوادە بارت دەکەم کە حەزدەکەن نهێنی هەمو خەڵکی بزانن , لەم خەڵکە بێ غیرەتە دورت دەخەمەوە کە خواخوایانە دەستێکتت بۆ ببەن , ماچێکت بکەن , هەرئەوەندەش نا بەڵکوو قسەو قسەلۆکیشت بۆ هەڵبەستن ..

شەوگەلێکی زۆر لە ژورەکەی خۆمدا و بەتەنیشت یەکەوە دەخەوتین .. زۆر جاریش تابەیانی لەوێ دەمایەوە و لەگەڵ ڕۆژبونەوەدا خۆی دەگەیاندە جێگاکەی خۆیان ..

من دنیام بەبۆنەی ئەوەوە خۆشدەویست .. لەجاران زیاتر نانم دەکرد و ماندو نەدەبوم .. دایکم کە بێئاگابوو لە هەموو ئەمانە زیاتر بەخێوم دەکردو خۆشم دەویست ..

ئەگەر شەوێك نەهاتبایە ئیدی تابەیانی نەدەخەوتم و دەموت هەردێت, من نەم دەپرسی لەکوێ دەخوێنیت و دەبیت بەچی , ڕاستییەکەی نەمدەزانی خوێندن چیەو چۆنیشە چونکە بەدرێژایی ژیانم هیچ قوتابخانەیەکم نەدیبوو ..

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەئارەقی دەمو چاویدا دەمزانی خۆشی دەویّم .. دەیوت من لەشاریّکی دورەوە هاتوم .. مالّیّکمان هەیە دەلّیّی باخەکانی بەهەشتە .. لەبەر دار پرتەقالّ و دار هەنارو سێو ڕێگە نییە بڕۆیت .. خانویەکی گەورەی وەها کە جیّگەی هەموو ئەم گەڕەکەی تیادا دەبیّتەوە ... دەتبەم و دەڕوینە سەری سەرەوەی خانوەکە .. لەویّدا و لەو بەرزاییەوە سەیری هەموو ئەو باخە خۆشانە دەکەین ... من خەونم دەبینی و وام دەزانی بەسەر درەختەکانا دەفڕم .. دەمی دەهیّنا و دەهیّنا تاوەکو ژیّر ملم .. حەزی وابو کە شەو دادیّت من هیچم لەبەر دا نەبیّت .. پەردەی پەنجەرەکە کراوە بیّت و گلۆپەکانیش بکوژیّنمەوە ..

کە لەپەنجەرەکەوە سەیریّکی ئەو ئاسمانە ڕەشەی دەرەوەی دەکرد ,هەموو جار خەمی تیّپەڕینی کاتی بوو , خەمی هاتنی بەیانی , دەیوت تف لەم خویّندنە , تف لەم زانکۆیە , تف لەو قوتابی و مامۆستایانەی کە هیچ نازانن جگە لەدرو نەبیّت , تف لەو خویّندنەی کە هیچمان فیّرناکات غەیری درۆ نەبیّت , تف لەو زانکۆیەی کە کەسی درۆزن بەرهەم دەهیّنیّت ..

حەزی دەکرد کە ماندوو دەبوم دەست بخاتە ملم و توند بمگریّتە باوەش , لەکویّشدا , ڕیّك لەبەر پەنجەرەکەدا کە دەموت بۆ لیّرەدا , دەیوت بیهیّنە پیّش چاوی خۆت لەدەرەوەی ئەم پەنجەرەیەدا ملیۆنان عاشق هەن هیواخوازی ساتیّکی وەك ئیّستان و بەیەك ناگەن , چی دەبیّت .. با ئیّمە بۆ یادی ئەو ملیۆنان عاشقە ئەمە بکەین ..

شەو نەدەڕۆشت و ئەویش لە پیکەنینی خۆی نەدەکەوت ..

شەویّکی باراناوی درەنگ هات .. کە لەسەر دیوارەکەوە خۆی فریّدایە حەوشەکەوە گلۆپەکەم کوژاندەوە و جلەکانی بەرم داکەند ..دەرگای ژورەکەشم کردەوە ... خۆی کرد بەژوراو .. هەموو گیانی تەڕبوبو ... بیّ حەوسەلّە ڕۆشتە بەردەمی سۆباکە کە لەو تاریکییەدا ڕەنگیّکی سوری هەبوو وە گەرماییەکی کوشندەشی دەدا بەژورەکە ..

بە چاوانیدا زانیم کە بیّ تاقەتە , ڕۆشتمە تەنیشتییەوە و دەستم خستە قژییەوە , سەیری گڕی سۆپاکەی دەکرد کە وەك دلّی من دەسوتا , وتم بۆ چی بیّ تاقەتی , وتی دەزانی یەکەمجار تۆم چۆن بینی .. من لە زانکۆ دەهاتمەوە تۆم بینی سینیەك نان بەسەرتەوە بوو خۆت کرد بەمالّیّکدا .. ئیدی لەوساتەوە خۆشم ویستی ..

لەڕاستیدا من تائەو ڕۆژەش کە بۆ یەکەمجار لەدەرگای حەوشەکەی دا کەسم خۆشنەویستبوو , وەنەبیّت هەستم نەبیّت , نا , بەلّکو هەژاری و نانکردن هەموو شتیّکی وەك خۆشەویستی و عەشقی لەبیر بردبومەوە .. جاروبار کوڕەکانی گەڕەك تەعلیق و ناوناتۆرەیان لیّ دەدادم بەلاّم من لەوە بەهیّزتربوم بۆ ئەوانە تەسلیم ببم ..

بیّ تاقەت بوو .. بە چاوانیدا دەمزانی گریّیەکی قورس لەسەر دلّی هەیەو ناویّریّ بیکاتەوە , وتم بلّیّ .. چی بیّ تاقەتی کردویت .. هیچی نەوت .. هەرگیز ئەو شەوە هیچی نەوت .. پیّی وتم بڕۆم خۆم

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەبەرکەم و بخەوم .. گریام .. وتم جێم دەهێڵی .. وتی نا .. وتم چی هەیە بیڵێ گرنگ نیە من هەر خۆشم دەوێیت .. بەبزەیەکی دەستکردەوە کە لە هی ئەو نەدەچوو وتی بڕوابکە هیچ نییە ئەمڕۆ لەزانکۆ کەمێك ماندوبوم , تۆ بڕۆ بخەوە .. من حەزئەکەم تەنها بم .. ئیدی ئەو شەوەنەیگرتم باوەش ..

بەیانی کە هەستام زۆر لەمێژبوو بەجێی هێشیبوم ..

ئیدی لەداخانا ئەو ڕۆژە نانم بۆ کەس نەکرد .

چەند شەو دوای ئەوە گەڕایەوە .. لەسەر دەرگای حەوشەکەوە هاتەژوورەوە .. جلەکانم لەبەرم داکەند و دەرگای ژورەکەم بۆ کردەوە .. گڵۆپەکانم کوژاندەوە و پەردەی پەنجەرەکەم لادا ..

بێهیچ قسەیەك کە حەزیشم نەدەکرد قسە بکات توند توندێك لەباوەشی گرتم ... وتی بیرم کردویت .. وتم من ئەوەندە گریام چاوەکانم کزداهاتن ..

وتی ئەمشەو تا بەیانی ناخەوین .. زانیم دەڕوات بەڵام لە خۆشیاندا  نەمپرسی ..

ماندو نەدەبوو .. دەیوت خەڵکی لەبەر کێشەکانی خۆیان نایانپەرژێتە سەرئەوەی بزانن کە ئێمە چی دەکەین .. تابەیانی نەیهێشت بخەوم .. مشتێك پارەی دانا و وتی

تا  مانگێکی دیکە نان بۆ کەس ناکەیت , سەفەرێکم هەیە و دێمەوە , پەیمانت دەدەمێ , دێمەوەو بۆر شوێنێك دور دەتبەم ..

بڕوام نەکرد , بەڵام لە خۆشەویستیاندا دڵم نەرم بوبو , لەبەر دەرگاکە ماچێکی کردم و ئیدی بۆ ئەبەد نەگەڕایەوە .

چەند مانگ دواتر کە لەهاوڕێیەکیم پرسی وتی ناخوێنێ و بۆ وڵاتێکی دور سەرفەری کردوە ..

ئێستاش کە سەیرێکی دواوەوە دەکەم باوەڕناکەم دروێ کردبێت ..

پانزە ساڵی ڕێکە من چاوەڕێم .. تاڵەکانی سەرم سپی بون و ئەو لەهیچ لایەکەوە نەهات .. پانزە ساڵ بەشەو و بەرۆژ و بەنیوەڕۆ بەیانی و ئێوارە و پایزو زستان و هاوین و بەهارێکییەوە ...

ئێستاش چاوەڕێم کە لەسەر دەرگاکەوە بێتە ژورەوە .. گڵۆپەکان بکوژێنێتەوە و جلەکانی بەرم داکەنێ و پەردەی پەنجەرەکەش لابدات .. توند بمگرێتە باوەش و بە پێکەنینە بەردەوامەکەیەوە بڵێت دەزانیت چەندێك بیرم کردویت ...

دەربەندیخان

زستانی 2005

لەژمارەی 443 ی ڕۆژنامەی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ ی ڕۆژی 2005/4/21دابلاوبوەتەوە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com